# باش بزانن ئەی نەیاران

خۆشەویستی
کانیاوێکە،تینوێتیمرۆڤ دەشکێنێ

خۆشەویستی
رووبارێکە،بنچینەی داردەهەژێنێ.
خۆشەویستی
منالێکەئازاری دایک دەڕەوێنێ.
خۆشەویستی
هاوارێکە زنجیری کۆیلە دەپسێنێ.
گەلۆ !
ئەی مرۆڤی بێ بەری لەخۆشەویستی !
ئەی بێ باوەڕ،ئەی بێ بڕوا،ئەی بێهەتاوی تیشکی تاو !
ئەی دڵ رەشی چاوچنووکی پڕلەزووخاو !
گوێ ڕایەڵە بۆمنی لاو
بۆمنی کوردی پەروەردەکراو .
تۆپێت وایە،بەدڵۆپێک
مەندی دەریا دەهەژێنی؟
تۆپێت وایەبەچرکەیەک
کاتی نەوەستان ،دەوەستێنی ؟
تۆپێت وایە بەخرتکێک
بناری کێو لە بن دێنی ؟
یان بەئاگرێک ، گوولزارێک دەسووتێنی ؟
یان رەنگەبلێی !
لەئاوی پیس ماسی بگری ؟
یان بەری خۆر بە بێژینگ بگری !
یان پێت وایە !!!
گوول و هەنگ

ماسی ودەریا
خۆر و زەوی
کیژوکوورِ
کوردوکوردستان
بەگژیەک دابکەی ؟!
خەیاڵتان خاوە !
من مناڵێکی تازە پێگەیشتوو نیم
من کاکڵێکی بێناوەرۆک نیم
من خاکێکی بێ خۆرنیم .
من قەندیلم
من هەڵگووردم
من سەفینم
من چیای پیرە مەگروونم
من ئاگرە سوورەکەی باباگورِگورِم
من کوردم و بە ئەزموونم
لەجیاتی درِک ، گووڵ دەچێنم
لەجیاتی قین ،خۆشەویستی‌یە هەوێنم
لەجیاتی پەتی سێدارەی شووم
نەمامی ژین دەرِەوێنم .
باش بزانە ئەی رەشە کووژ
من ژینم
ژانم بۆ تۆ .
من گووڵم
درِکم بۆ تۆ .
من بزەی سەرلێوانم
فرمێسکی چاوم بۆتۆ .
من کۆڵەکەی بەرپشتی هەژارانم
تۆش کرمی داری کۆلەکەی ژیانی .
من قووربانی جێژن نیم
قووربانی کوردستانم من.

ئەی زۆڵینە
ئەی دوژمنانی کوردنەویستوو
سەرتان شۆڕکەن
کڕنۆش بەرن
لەحاست ئاڵای سنوور بەزێنی کوردستان .

03.03.04 **شەوگەرد** هەندەران